**سيره:٢٥**

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر)، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه،السلام عليكم و رحمة الله و بركاته.

له بیدایەت بە هەموو ڕەغبەت و ڕەهبەتەوە، بە خوشوع و تەذەلولەوە، دوعا دەکەین و تەمەنا دەکەین لە باری تەعالا دخولی ئەو مانگە موبارەکە بکاتە عاقیبەتی خەیر، و ئیستیزادەی ئیمان و عیلاقەی ئیجابی و دروست پەیدا کردن بەینی خۆمان و رب العالمین، وە ببیتە مایەی سەعادەتی دونیا لە بۆ تەئمینی سەعادەتی ئاخیرەت و خاصەتەن لەبۆ ئەو جەمعە موبارەکە ببیتە مەدرەسەی بیناء و تەکوینی ئیمانی، وە مەخزەنەك یازدە مانگەی داهاتووی مانگەکانی رب العالمین، ئەو جەمعە موبارەکە وەکو خەزینەك سەحبی بەرەکات و لەطائیفی لێبکا، لۆوئەوەی بکرێ ببیتە ماددەی ئەوەللی بیناء، خودا لە هەموو لایەکمان قبول کا.

وە فیعلەن مەفهومی صەوم مەفهومی صەومی قورئانی نەك هی فیقهی و شەرعی پێمان ببەخشی هیدایەت و تەرشیدمان بکا لەبۆ ئەو فەهمە، بتانین ئەمەش صەومەك وفقی ئیرادەی خوای قورئانی بیگرین، وە بەو فەهمە قورئانیەش لەبۆ مەفاهیمی ڕۆژوو صەوم کە قوبولمان کرد ئیدامەی پێ بدەین، نیهایەتی مانگی ڕەمەزانیش ویداعی لێ نەکەین هەر خۆی ڕەشیدە وە هەر خۆی هادییە، (أن الله مولاكم نعم المولى ونعم النصير (الأنفال٤٠).

بێینە سەر ماددەی خۆمان، هەفتەی پێشترێ لە خزمەتتان چوینە بەعضە لەقەطاتی تازەی حەیاتی خۆشەویستمان پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم، ئەو ڕەسولە نازدارە کە کو تانی لوبناتی یەکەم خشتی یەکەم دابمەزرینی لە مەنطیقەك غەیری مەنطیقەی مەککە ئەویش یەثریب بوو، کو ئیتصالی کرد بە ئەو سێ چار نەفەرەی کە موهەییەء بوون لەبۆ قبولی ئیمان، ئەوجە ئەو ئیمانە تەحویل کەن لەبۆ واقیع، پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم لەسەر وان ئیعتیماد بکا، ئەو ئیمانەی کە مەککەیی هەژدە ساڵ حجر و حیصاریان لەسەر دانا، لەسەر عامەی خەڵك لۆوەی ئیمان بە نسیبیان نەبی، دیارە بەقەدەری خوای لایەقی ئەو ئیمانەی نەبووینە، رب العالمین بەدیل تەهیئە بکا هەر لەنزیك مەککە بە چەند سەد کیلۆ مەترەك، ئەویش بە واسطەی جەمعەکی بوسەطاء و گەنج، قاعیدەی ئیمانی ئیجاد بکرێ لە یەثریب.

بەحسی ئەوەشمان کرد مەوقیعی مەدینە یەثریب کە یەهودی تێدابوو، چونکی جالیاتی غەیری عەرەبی لە یەثریب وەکو مەککە مەوجود بوو، ئەمما عەدەد و کەثافەتی وە نەوعییەتی موختەلیف

بوو، باسی لایەنی ئابووری و ئیقتیصادیاتی ئەو جالییەمان باس کرد، کە جولەکە یەهود بوون لە یەثریب ئەثەریان چەند زۆر بوو، کە تیجارەت لەبن دەستیان بوو، مەصدەری زێر و بانق و پارە هەمووی لەبن دەستی وان بوو، موتەحەکیم بوون بە ئیقتیصاد و ئابووریاتی ناو یەثریب، لۆیێ تانیبوویان تەحەکوم کەن بە ئیقتیصادییاتی میللەت، بە چۆنیەتی ژیان و مەمعیشەتی میللەت، بتانن شت فەرض کەن لەسەر یەثرببین، وفقی ئیرادەی خۆیان بتانن طەبەقات دروست بکەن، لە موستەغەلین و مەسحوقین و چینی موستەضعەف، هەتا زوو بکرێ ئیستیغلال کردنیان زوو بکرێ تەحەکوم کردنیان بە مەصیر و موستەقبەلی ئەو جەمعەی کە عەرەبەکان بوون.

لەعەینی وەقت ئیجتیماعییەن کە کو ئەو جەمعە گچکەیە یەهودە تانیبووی بە واسطەی ئیقتیصاد و ئابووری دەست بێختە ناو حەتا عادات و طەبایعی عەرەب هی ئیجتیماعی، بەحسی ئەوەمان کرد کە حەتتا ژن هینانیشیان عەرەب موقەولەب بووە بە دەستی یەهود، ئەوان تەقالیدی شەعائیری زەواجیان لەبۆ دادەنان، ئەوان ویلایەتی زەواجیان دەکرد لەجیاتی خزم و کەس و برا و باب و ئامۆزای عەرەبەکان.

پاشان ئیستیغلالی فیکری هەر عەرەب ئەوس و خەزرەج مەدینەیی بمینێن، دونی ئینسان بە ئیرتیباط نەبەستان بە الله، لە رێی تەدەیون کردنی یاخود ئیرتیباط کردنیان بە دینی سەماوی، ئایە جولەکەبن عەرەبەکان یاخود ببنە مەسیحی، ئەو دەرگەیەشیان لێ قەپات کردبوون یەهود و لایەزال ئەو دەرکەیە بەرامبەر بەشەرییەت قەپاتە، گوتمان: کەس پێی ناکرێ ببتە جولەکە ببتە یەهودی، چونکی یەهودییەت دینەکی موغلەقە، ئیللا عەن طەریقی داکەوە ئینسان نەسەبییەتی یەهودییەت تەحصیل دەکا.

باشە ئەگەر رازی نەبوون ئەو جەمعە عەرەبە یەثریبیە نەبتە جولەکە، چونکی جولەکاتی لەکنەوان مەقامەك بوو لە دونیا و لە قیامەت وفقی تەصەوری خۆیان، ئەوەی جولەکە بی لە ئاخیرەت ئەگەر خەطەئیشی کردبی وفقی رەئی وان چل رۆژ لە ئاگری جەهەننەم دەسوتێ، کە کو لە قورئان مەذکورە، (لن ندخل) أعوذ بالله من الشيطان الرجيم (الا ايام معدودة)، کە لە جەهەننەم دەمینێن لە تەلمودیان ئەوها نوسرایە، رب العالمين لەوان دەگێریتەوە، باشە ئەگەر دینیان ئەوها حەصر بوو بی، هەر ئینسانەك نەتانی ببتە جولەکە وە ئەوان رازی نەبن لەبۆ جولەکەبوونی بەشەرییەت، لەبەر ئەوەی جولەکەبوون مەقامەکە لەکنەوان، حەتمەن کە تەمەشای غەیری جولەکە دەکەن بەچاوەکی زۆر کەم و کەمبینی تەماشای بەشەر دەکەن و دەیانکرد ئەو وەختیش، ئەها رب العالمين لێیان دەگێرتەوە: (ليس علينا في الاميين سبيل)، ئومميين ماعەدای یەهود هەموو بەشەریەت بە ئوممیان دادەنا، سەبیلیش یەعنی موحاسەبە و موحاکەمە کردنی ئەو یەهودە رۆژی قیامەت.

ئیذەن لەبۆیان جائیز بوو هەموو وەقتەكی ئەموال و پارە و پارەی مەنقول و غێر مەنقول، وەك و خانی و سەیارات و شتی وها و ئەعراضی شەرەفی عالەم، وە مەصیر و موستەقبەلی عالەم هەمووی تەحەكوم بكا بە دەستی خۆیان، لەبن دەستی خۆیان بی، وە لەبۆیان حەڵاڵ بی وە بەچ نەوعەك بیانەوێ سوء ئیستیفادەی لێ بكەن، پێیان دەكرێ بیكەن چونكی ئەوان موختار و ئەوان ئەحیبیائی خودان، ئەوان ئەولادی خودان كە كو قورئان لێیان دەگێڕیتەوە: (نحن أبناء الله و احبائه)، ئەو مەجموعە مەفاهیمە تەحریفیە تەلمۆدییە زۆر تەئثیری سلبی كردبووە سەر عەرەب عەرەبی یەثریبی ئەوس و خەزرەج، لۆیێ ئەنظاری ڕەببانی كأنە ئەو هەموو ضغوطە زۆرە، ئەو هەموو ئیستیغلالە زۆرە، كە لە یەثریب مەوجودە باشترین فورسەتە لەبۆ هێلانە دامەزراندنی ئیمان تێیدا.

بەحسمان كرد دیسان سەبەبەكە ئەوە بوو ئیحتیكاكی عەرەبی یەثریبی ئەوس و خەزرەج بە كوتوبی سەماوی عەن طەریقی یەهود، یەهودیش خۆی بە خۆی خۆی دری خۆی دەداوە، هەموو جارێ كە شەر دروست با بەینی عەرەب و بەینی یەهود، دەیانگۆ: بەس صەبرمان لێ بگرن زەمەنی ویلادە و نبووەتی ئەو پێغەمبەرەی نزیك بووە كە لە مەككە ئیجاد دەكرێ، وە خودا بە پێغەمبەر و بە ڕەسول ئیختیاری دەكا ئەو وەختی ئەمە ئیمانی پێدەینین، وە بەقووەتی خواوەندی رەببانی وەكی عاد و ثەمود لەناوتان دەبەین.

ئەو زەمینە لەناو داخیلی عەرەبی یەثریبی لە بۆ ئیستیقبال و لە عەینی وەقت ئیمتیصاص و وەرگرتنی ئیمان ئەصلەك بوو پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم تانی حوسنی ئیستیفادەی لێ بكا، پاشان ئەو وەضعە ئیجتیماعییە سلبییەی كە یەهود دروستی كردبوو، لە ناو عەرەبی یەثریبی تەئثیرەكی زۆری كردبوو لە بونییەی بەشەری خۆیان زۆر لە كنیان عادی بوو، وەكو بەحسمان كرد چل ساڵ لەسەر حوشترەك خین برژێ، بە سەدەها گەنج بفەوتێ، بە دەیەها منداڵ هەتیم بكرێ، عەینی وەقت ئافرەتەكی زۆر بێ ساحێب و بێ مێرد یاخود بێ باب بمینێ، لەسەر حوشترەك یاخود لەسەر دوو حەیوان داحس و غەبراء، دوو هێستر بوون.

طەبیعەتی بونیەی داخیلییان هەدم كرابوو، لۆیێ موهەیەئترین جێ بوو رب العالمین ببینی لەسەر كورەی ئەرض پاشی حەبەشە، ئەسمەرە ئەوێ ئیختیار بكا، لەبۆ هێلانەی ئیمانیات وە ئەسبابیتكە زۆر، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم كە زوو ئیحتیكاكی كرد لەگەر یەثریبیین، لەگە ئەسعەد بن زوراڕە، لەگە سعد ابن معاذ، لەگە سود ابن صامت، كە شاعر بوو لەگەر وانە ئیتیصالی كرد، یەكسەر ئەوانە زوو ئیمانەكەیان وەرگرت بێ سێو دوو كردن، بەبێ موجامەلە و ئەزیەت دانی پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم.

پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم وەکو دروسی سابیق بەحسمان کردییە ئیمانی کردبووە قاعیدە لەبۆ کەشفی نەوعیاتی بەشەری، وە ڕێ دانان لەبۆ ئەو مەواهیبانەی کە لەو نەوعییە بەشەریانە مەوجودە، وە حوسنی ئیستیفادە کردن لەو مەواهیبانەی کە لەناو ئەو بەشەرانەدا مەوجودە لەبۆ تەنشیئەی ئیمان، پاشان لەبۆ تەکمیلەی وجودی ئیمانی لەسەر کوڕەی ئەڕض، لۆیێ کە ئیمانی دەدا صەحابە لە مەککە کە ئیمانی تەقدیم دەکرد لەبۆ صەحابە، صەحابە وەکو جیهازەك کۆمپیوتەری، رب العالمین چ مەوهیبەکی لەناو جسم و بەدەنی عەقل و قەلبی دانابی، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم وەکی سلفەکی دەهات ئەو مەواهیبانەی دەکردەوە بە واسطەی ئیمان، ئەو صەحابە مەوقیعی خۆی لە وجود لەسەر کوڕەی ئەرض لەو زەمان و مەکانە ئەدای دەکرد و دەیدیت، کە ئەو حالەتە لە هەموو بەشەری موئمینین مەوجودە، لە هەموو زەمانەك بەس ئیمانیش پێی دەکرێ تەفتیحی کا و بیکاتەوە.

پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ئەو حالەتەی کە دروست بوو، مەجموعەك لە موخەتەصین لە ناو صەحابە ئیجاد کرابوو، یەك لەوانە سوفەڕاء بەس شەش نەوع سەفیری هەبوو، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم لەسوفەڕاء شەش نەوع سەفیری هەبوو، سەفیری هەبوو لە مستەوای ملوك و روئەساء و زوعەماء، و سوفەڕای هەبوو لە مستەوای عەشائیر، سوفەڕای هەبوو لە مستەوای عاممە، سوفەڕای هەبوو لەبۆ فیعلەن نەقل بکرێ لە مەنطقەك لەبۆ مەنطەقەکیتکە، لە ظەرفی لیقائەکی موعەیەنی مەحدود، هەرچی مەفاهیمی ئیسلامی هەیە نەقل کا لەبۆ شەخصی موقابیل، سەفیر هەبوو موڕەبی بوو، موزەکی بوو بە مەفهومی قورئان نەك بە مەفهومی کوتوب، دەهات ئائەو ئەجیالانەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم تەشخیصی کردییە لە بۆیان مەجامیع یەکسەر حدودی لەبۆ دادەنا، دەستی پێ دەکرد ئیش لەگەریان هەتا دەیگەیاندە ئەو قیممەیەی کە خودا دەیەوێ، ئەوجە پاشان وەکو ماددەی خامی ئەووەلی تەسلیمی پێغەمبەری دەکرد، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم تەعامولی لەسەر بکا.

یەك لەو نەوعە سەفیرانە موصعەب بن عومەیر، موصعەب بن عومەیر قەوسەکی دەکەینەوە تاریخ حەیاتەکی بەسیطی بخینین، کابرایەکە یەتیمە بابی خۆی نەدیتییە، لە داکەکی ملیۆنێرە پەیدا بووە، برای نییە خوشکی نییە، صاحێب پارەکی زۆر زۆرە موڕاهیقیشە، وە جوانترین گەنجی مەککەیە، بەچاو بە برۆ و بە پرچ، و کە کوتوبی تاریخ بەحسی دەکا کە عەبای لەبەردەکرد کە حالەتەکی عورفی عەڕەبی بوو، ئەو داوەی کە عەبایەکەی پێ دەدورا زێڕ بوو، کە بەسەر لمی ناو مەککە دا هاتووچوی دەکرد خشتەی مجەوهەڕاتەکانی کە بەخوارێی عەبایەکەی نەسج کرابوو زیرە زیڕی گێ لێ دەبوو مەسافەکی دوور، کە بەو محەلەی دابچووبا ئەگەر ئەو محەلە کچی هەبا چونکی کوڕەکی

گەنجی جوان و کەشخە بوو، صاحێب پارەش بوو، کچی ئەو محەلەیەی بە واسطەی بۆنەکەی پێیان دەزانی دەرکەیان لۆ دەکردەوە پەنجەرەیان لۆ دەکردەوە، لۆوەی تەماشایان بکا.

ئەو گەنجە و ئیذابیهی فوجئەتەن پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم یەکسەر وفقی ئیختیاری ڕەببانی کەشفی دەکا، بە فەترەکی مەحدود ئیمانی تەقدیم دەکا، و وەری دەگری دەبتە عونصورەکی ڕەئیسی لە بینائی مەجموعەی ئیمانیی یەکەم لە دار الارقم، کە بەحسمان کرد پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم جامیعەکی ئیمانی دروست کردبوو لە خاریجی مەککە بەچەند کیلۆ مەتر، دار الأرقم بە شەوو بە ڕۆژ ئەو مەجموعە صەحابە لەوێ مەوجود دەبوون، لە خواوە ئەمریان لۆ دەهات عەن طەڕیقی پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم تەحویلیان دەکرد لەبۆ داخیلی خۆیان، مومارەسەیان پێدەکرد ئەوجا دەچوونە دەرێ وەکو مەجموعەك ئەوامری ڕەببانی ئیحتیکاکیان دەکرد لەگەر موجتەمەع.

موصعەب لەوانە بوو لە روادی ئەو جەمعەی بوو کە ئیمانی وەرگرت، زۆر محاوەلاتی لەبۆ کرا ئینقیلابی لەسەر بکرێ ئیمانییەن، طەبعەن لەبەر ئەوەی کوڕە کابرایەکی دەورەمەندە مەعڕوفیشە ضەخطی بەدەنی لەسر نەکرا، وەکو بیلال و وەکو عەممار و وەکو صوهەیب بینە و ببەی پێبکرێ بە تەعذیب، ئیننەما ضەخطی نەفسی لەسەر کرا، حروبی نەفسی لەسەر کرا، ئەخیر وەرەقە لە سەری ضەخطکرا، ئەویش عیلاقەی صەمیمی بەینی خۆی و بەینی داکی، بە عاطفیترین ئینسان بووە لە مەککە، بە نیسبەت کوڕایەتی و داکایەتی، عیلاقەی زۆر صەمیمی بووە لەگەر داکی، زۆر داکی خۆشویستییە ئەخیر شت ئیعلان دەکرێ لەبۆی کە داکی ئینتیحار دەکا بە حەڕام کردنی خواردن لە خۆی، وە لەبەر ڕۆژێ هەڵناستی قرچەی مەککە لە مانگی هاوین، وە ئاویش ناخواتەوە حەتا موصعەب دەگەڕێتەوە لە موسوڵمان بوونی، یاخود ئەو ئافرەتە دەمری.

حەفت ڕۆژ فیعلەن داکی نانی نەخوارد ئاوی نەخوارد چووە دیتنی تەماشای کرد، پرچ و هەیئەت و شکلی طەبعەن زۆر داکیشی خۆشدەوێ، یەکسەر کەتە سەر دەستی دەستی ماچ کا گوتی: خوا دەزانی چەندم خۆش دەوێی، ئەمما (والله)ی لە پێش چاوم نەك جارەك حەفت جار ڕوحت بێتە دەرێ، پەلەقاژەی ڕوحدانتبی یەك ذەرە لە ئیمان واز نایەنم، ئەوەی محمد لە (رب العالمین)ەوە دایتییە من غەیری ئەوەیە ئەتوو دایتتە من، نات گۆڕم بە هەموو مەلەذات و مەطەیباتی دونیا، ئەمما لەبەر ئەوەی ئەوەی پێغەمبەر دایتیە من ئەتوو نەت دایتە من لۆیێ ناتگۆڕم بە پێغەمبەر و بە ئیمان.

ئەو حالەی کە موصعەب تێیدا بوو تەنها صەحابی پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم لەسەری گریابی لە غەزوەی ئوحود، لەگەر وجودی حەمزە شەهادەتی حەمزە موصعەب بوو، کەحالی موصعەبیان لەبۆ پێغەمبەری بەحس کرد، ئەو هەموو گەنجی و موراهیقییەی کە شەهید بوو وەفاتی کرد، لە غەزوەی ئوحود لەو ئەسنایەش وەفاتی کرد کە پێیانگۆ پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم شەهید بوو، لێدرابوو

بڕینی قول بوو، صەحابی کە گەیشتە سەری وەفاتی کردییە، دەم و چاوی لە عاردی بوو لۆوەی فیعلەن مەئساتی وەفاتی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم نەبینی نە گێی لێبی، بەو شکلەی صەحابی وەحید بوو دەم و چاوی لە عارد بی، تەواو خۆی سەری لە ناو ڕەمل نابی، کە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دیتی بەو نەوعەی خەبەریان دایێ دەستی کرد بەگریان، لەقەطاطی قەدیمی ذیکرەیاتی موصعەبی بە فکر هات، کە ئەو گەنجە لەناو مەککە بە چ حاڵەکی گەورە بووە، چ نەوعەك موتەنەعیم بووە، چ نەوعە مەلەذاتی دونیا لەبن دەستی بووە، ئێستاش پارچە جلدەکی لەخۆی ئاراندییە کە سەری پێ دادەدەن لە ئەژنۆی هەتا خوارێ بەدەر دەکەوی، دەیننە سەر لاقی سەری بەدەردەکەوی سینگی بە دەر دەکەوی، فەرمووی لای سەری قەپات کەن شینایی و دڕك و داری صەحڕای بیننە سەر لاقی، با ئەوە ببتە کفنی، ئائەوە بوو بە ئیمان پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دروستیانی کرد.

پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ئەو نموذەجەی کە سەفیر بوو لە موستەوای موعەییەن، لەبۆ وەی فیعلەن نەوعیاتی زیرەك عاقل ئەصحابی مەواهیبی موعەییەن، موصعب بەواسطەی مینظاری بلاجکتۆری ئیمانی خۆی کەشفی کا، ئەوجە سەبر سەبر لێی نزیك ببی، کە ئیحتیکاکی لەگەر بکا کەسبی بکا، لەبۆ دائیرەی ئیمان بینائی لەسەر بکا، بیگەیێنتە ئەو مستەوایەی کە فیعلەن سبەی دووسبەی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەوڵەت بە واسطەی ئەو عونصوڕە دروست بکا، بە قەناعەتی خۆم پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەوڵەتی دروست نەکردییە لە مەدینە، موصعەب و جەمعی صەحابە لەوێ دروستیان کردییە، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم وەکو ڕەئیس دەوڵەتەك هاتییە ئیستیفتاحی دەوڵەتی کردییە لە ناو مەدینە.

ان شاءالله خودا تەوفیق بدا دروسی لاحق دەگەینە خزمەتتان، کو ئیسپات دەکەین کە فیعلەن ئائەو جەمعە صەحابییە کو ئیشیان کردییە لەوێ.

پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم پاشی ئەوە سێ چار صەحابییەی کە تەکوینی کرد ئیمانی دانێ، لە ناو مەککە چوونە یەثریب موصعەبی سڕەن ناردە یەثریب، لەگەڵ ئەسعد بن زوڕاڕە کە صەحابییە دەوڵەمەندە موتەمەکینە گەنجە، ئیمانی وەرگرت خۆشی خەرکی یەثریبە، لەگەر وی ناردە مەدینە یەثریب، ئەسعد بن زوڕاڕە ماڵی خۆی کردە قاعیدە وەکو دار الأرقم لە مەککە، چ مەوجود بوو لە یەثریب لە مەدینة الرسول موستەقبەلی عەینی شت کرا، ئیذەن ئەهلی یەثریبی مەدینەیی کە هاتینە ناو ئیسلام بە نەفسی نەوع و بەنەفسی زەمان و حجم و کەیف ئیمانیان وەرگرتییە، ئەمما لە جیاتی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم نموذەجی وەکی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم کە موصعەبە وەکیلی

وییە لەوێ، لە یەثریب ئەو ئیدامە و ئیقامەی ئەو حالەتەی کرد، لەسەر ئەو جەمعە صەحابەیەی کە تازە دێنە ناو دین.
لە ظەرفی ساڵەك تانی ئا ئەو سێ نەفەرە بکاتە دوازدە نەفەر، لەو دوازدە نەفەرەی دیراسەیان بکەین هەموویان لە عەقل عیملاقن، لە ئیرادە لە شەخصیەت لە مەکانەی ئیجتیماعی، لۆ؟ دیسان ئیعادە دەکەمەوە رب العالمین بە واسطەی ئیمان مینظار لەبۆ موئمین دروست دەکا، مینظار یەعنی وەکو جیهازەك کاشف خفایا و مەواهیبی ئینسانی موقابیل ئەکیفاء پێی کەشف دەکرێ، ئەو موئمینە قەدیمە ئەو ئینسانە موقابیلە تەخصیص و تەشخیصی کرد، بە واسطەی دیسان مەواهیبی ئیمانی دەتانی جسر لەگەر ئەو ئینسانە دروست کا، کە جسری دروست کرد ئەوەی موقابیل بکاتە ئەهلی ئیمان، کە کردییە ئەهلی ئیمان فیعلەن لەو دائیرەیەی دایبنێ کە خۆی لە مێشکی خۆی تەقیمی کردییە لەبۆی.
لۆیێ موصعەب بن عومەیر کە چووە یەثریب قەوائیمی لەبۆ هات لە سوکانی یەثریبی ئەوەندە پیاوە هەیە، ئەوەندە ژنەی تێدایە، مستەوای پیاوەکان ئەوهایە، ئەوهایە هەریەکە مواصەفاتی خاصی خۆی، ئەوجا پاشان لە کێهان دەست پێ بکا مومەیەزاتی چاکی، خیارکم فی الجاهلیة، صیفاتە خیارکم في الاسلام، ئەوانەی هەمووی کوشەن موصعەب دیراسەی دەکرد، نەفەر نەفەر وە ذات ذات، لۆیێ لە ظەرفی ساڵەکی ئینتاجی نۆ نەفەر بووە، ساڵەکی کامیل بەس تەحەڕوکی لەسەر ئەو نۆ نەفەرەی بووە، چ نەوعە نۆ نەفەرەك.
فیعلەن لە خیاڕی ئەهلی یەثریبی لە نەوعیاتی مومتاز، لۆوەی پاشان موستەقبەلەن لەوانە لەو جەمعە مومەثیلینی خودای دروست کا، بتانن ئەو جەمعە دەوائیر دروستکەن، لە دەوری خۆیان لەبۆ غەیری خۆیان ببنە وەسیط لەبۆ ئیمان، لە مەنطیقەی خۆیان لە مەنطیقەی خاریجی خۆیان، پاشان ببنە موستەشارینی ئەعەززی ئینسان لەسەر وجود کە (رسول الله)ە صلی الله علیە وسلم، ئەو ئینسانانە دەبی لەو نەوعیاتانە بن لە عەینی وەقت، ئا ئەو موستەشارینانە ببنە ئەعضای بەرلەمانی موستەقبەلی کە دەولەت لەسەر وانە ئیعتیماد دەکا، پاشانیش هەر لەوانە وزەڕاء دروست ببی، هەر ئەوانەش پاشان ببنە (خلیفة الرسول) بە تەعاقوب دین الله بە واسطەی (من اختارە الله) تەقدیمی عباد الله بکرێ، وفقی ئەو مواصەفاتانە موصعەب حەڕەکەی کردو ئیشی کرد.
لۆیێ مەجال نییە ئێستا نەفەر نەفەر بێین دیراسەی ئەعماقی ئەو ئینسانانە بکەین کە فیعلەن موصعەب ئیختیاری کردینە، لەبۆ ئیسلامی هینایە کردیتیانە ئەهلی ئیمان، لەوانە هەر لەبۆ ناو رافع بن مالك ئەوە قیادییەك بوو لە فیکر، عوبادە بن صامت داهیە بوو لە عەقل، ابو الهیثم بن یدهان ئەوە صاحێب ئیرادەك بوو بەرامبەر پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم ڕادەوەستا موناقەشەی دەکرد لەبۆ حەق، ئەشخاصی ئەوهای ئیختیار کرد بوو موصعەب، العباس بن عوبادة ئەوە باشترین موعەلیق

لەبۆ قەضایەی ئیمانی نەیدەهێشت چ موضوعەك بپەڕی، یەعنی كأنە نوخبەی عوقول و مەواهیبی بەشەری، موصعەب لە ناو هەموو یەثریب ئیختیاری كردییە فیعلەن ئا ئەو جەمعە ببنە وكەلائی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم لەبۆ تەقدیمی دین، وفقی ئیرادەی خوای نەك وفقی فیكرەكی موعەیەنی مەحدود، یاخود ضەییق، وفقی ئیرادەتی خوای.

لۆیێ ئەوانە هەریەكە ئیختیصاصی خاصی خۆیان هەبووە، ئەبەو نەوعەی موصعەب ئەوانە هەموو جەمع دەكا، ئەوجە بزانە ئیتیصالەكەی فەردی بووە، چ نەوعەك بووە تەنظیمەكەی، محاوەلە دەكا ئەوانە بیناء بكا، فیعلەن دەیانگەینیتە ئەو حەددەی الله لە ناو قەلبیان لە ناو داخیلیان چەسپ ببی، لەناو دائیرەی خۆیان الله ببتە حاكم، ببتە (رب) ببتە (اله)، پاشان عەینی وەقت لێیان ڕابینی لەو فەترە زەمەنە كەممەی كە بینایان دەكا، ئیمانییەن دائیرەی خاریجی خۆشیان ببنە نەماذیج، هەر بەو كەممە زەمەنیەی لۆیێ هەرپاشی ئەو فەترەیەی موصعەب ئیمتحانیانی كرد نەجاحەتیان هینا، یەكسەر سڕڕەن دیسان سەریع سەفەرەكی ناو مەككە تەقاریری خۆی تەقدیمی رسول الله بكا صلی الله علیه و سلم، یا رسول الله ئەو جەمعە ئەو نەفەرانە ئەوها ئەوها مەلەفی خاصی هەر یەكیان گەیشتنە ئەو مستەوایەی ئێستا موستەعیدن ئیشیان لەسەر بكرێ، ئەو ئیشەی كە جەنابت بە تەمای بینای دولة الله نەك حكومة ئیسلامیة، دولة الله دولة الایمان.

پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم، فەرموی: لە فولان وەقت لە فولان جێ بیانهینە فیعلەن وەفدەك لەو دوازدە نەفەرەی سڕڕەن تەحەڕوكی كرد لە یەثریب لەبۆ مەككە، لە جێیەكی موخەصەص موعەیەن، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ئیتصالیانی پێ كرد یەكسەر كە ئیمتحانی كردن، زانی ئەوانە لە موستەوانە فیعلەن، فەرمووی: پێنج شت لێتان طەلەب دەكەم هەر ئیمتیدادی مەطالیبی موصعەبە، یەكەمین لا تشرك بالله شیئا ئەصلی ئیمانە، كە ئەوە تەواو بوو لا تشرك بالله شیئا، صەنەم بەس لات و عوزا و هوبەل نییە بە مەلاین صەنەم هەیە لە داخیلی ئینسان، كە ئەو تانی لە شعور لات و عوزا لابیا لە داخیل لە نەفسی ئەو هەموو صەنەمانە دەبی بشكێنی، لا تشرك بالله شیئا، ئائەو عومقەی هەیە لە داخیلی ئینسان، موئمین ئیستیسلامیان كردییە، ناو موئمینن ئەوە دەبی لە دائیرەی خاریجی خۆتان ئەثەری هەبی، لە واقیع لە چ؟ لە(لا تسرقوا) (لا تزنوا) (لا تقتلوا أولادكم) (و لاتأتوا ببهتان تفترینه بین أیدیكم و أرجلكم)، هەمووی دائیرە دائیرەیە،

دائیرەی یەكەم (لاتزنوا)، قەضییەكە شەهوەیە لە داخیلە، طەلەبەكیان لێ دەكا لێ دەكا، بەس چار نەوعە زینای شەرعی هەیە، عائیشە لە بخاری رضي الله عنها بەحس دەكا لە ناو جەزیرەی عەرەبی زینا چەند زۆر بوو، زینای مەشروع یەعنی عالەم هەمووی موافیقە لە سەری، نەك پێیان عەیبە نەك پێیان شەرمە، ئەو چارە مەعمول بوو ئیشی لەسەر دەكرا، ما تەبەقا تەفەنون لە نەوعە زینایانە،

ئیبداعات لەو نەوعە زینایانە، ئەوجاش ئەمریان پێدەکا کە صەنەمی شەهوە لە داخیل شکا بی، لە خاریج دەبی لەمس بکرێ حەقیقەتی هەبی، ئەویش نابی کابرا زینا بکا، نەك زینا عیلاقاتی جنسی، ئا ئەوەی کەوا بەحس دەکرێ زینا ئەنواعی هەیە، لە داخیلی ئینسان زینا دەکرێ ئەها (الا و ان زینا العینین النظر)، حەدیثی پێغەمبەرییە صلی الله علیه و سلم، بەرێ دەبی ئەوانەی هەمووی لە داخیل ئەصلی هەبووبی ئەوجە لە خاریج بە قیممە ئائەو زینایە ئەو فاحیشەیە، کە دەکرێ کە هەرچاری مەعمولە لەناو یەثریب، وە لەناو مەککەش.

ئەدی پاشی وی (و لا تسرقوا)، نەدزن دزی نەکەن، عیلمەن هەموو حەیاتیان لەسەر دزی بوو، طەبعەن نەك دزی یاخود فەرضی غەرامە بکەن لەسەر عائیلەکی، موقابیل شتەکی یان نەخۆ ئەوهاتان لێدەکەین، چونکی حکومەت نییە مەسئول نییە، هەمووش لەبەینی خۆیان ئەوە جاریە دەنگێش بکا دەکوژرێ، قەتل لە کنیان ئاو خواردنە وەکی ئێستا ئا ئەو نەوعە سەریقانە زۆر بوو، کە (ولا تشرکوا بالله شیئا) دەبی ئەصلی لە داخیل هەبی، حەقیقەتیشی لە واقیع هەبی، (و لا تسرق) نابی سەریقە بکا باشە هەر ئەو نەوعە سەریقە هەیە، نەخێر لە ناو بازاڕیش سەریقە دەکرێ، ئەها لە میزان دەدزرێ لە مەتر وەکی لاستیقی ڕادەکێشرێ، ئائەوەش سەریقەیە بەڵێ هیچ یەك نەکا بە هەموو مەفهومی سەریقە، بە هەموو مەفهومی زینا، هیچێك نەکا ئەوە هەمووی داخیلی خۆی پاشان دائیرەی خاریجی خۆی بە سلبی.

ئەدی ئموریتکە، مەثەلەن طەبیعەتی موجتەمەعی سلبی موجتەمەعەك کە لەسەر ئینحیڕاف و لەسەر ئەخطائی ئیجتیماعی دروست بووبی، ئائەوانەی کە ئێستا پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم لێیان مەنع دەکا هەر زۆر طەبیعی و بەدیهییە، یەك لەوانە مەثەلەن بوهتان کردن کە فیتەنی لێ دروست دەبی، نیهایەتی بە قەتل دێ، هەر زۆر طەبیعی بوو لە ناوە وان جیران بە جیرانی بکا، خزم بە خزم بکا برا بە برای بکا، هەر زۆر طەبیعی بوو ئائەوەش نابی بکەن، ئەو جەمعە بوهتانیش بە یەکتری نەکەن، یەعنی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ئیمتحانیانی کرد بە واسطەی ئائەو سێ بوعدە، ئیمتحانییە:

یەکەمین: داخیلی خۆی چەند مصداقییەتی هەیە لەبۆ شەهوە، شەهوەی جنس پاشان شەهوەی ماڵ، ئەوە لەبۆ داخیلی خۆی ئەمما شەهوەی مەشاکیل و فیتەن لەبۆ خاریجی خۆی، ئەویش بە ئیحتیکاك لەگەر عالەم ئەویش بە بوهتان دروست کردن و فیتەن نانەوە لە ناو عالەم، گوتیان: بەرێ لەسەر هەمووی موستەعیدین مۆریان کرد، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم مۆری کرد لەگەریان خودا شاهێدە لە سەرتان بگەڕێنەوە ئەمن ئەنگۆم کردە وکەلائی خۆم، گەڕانەوە بە دزی پاشی بەیعە لەبۆ یەثرب موصعەبیش دیسان بە دزی لەگەریان گەڕاوە، ئەو بەیعەیە ناوی لێندرایە لە کوتوبی سیرە

بەیعەی عەقەبەی یەکەم، دیسان لەوێ ئیش دەکەن ئەو جەمعە ئەو دوازدە نەفەرە، هەریەکەو وفقی خەریطەی خۆی مامۆستایەکەی لەبۆی دانیایە موصعەب، مامۆستای موصعەبیش (رسول الله)ە صلی الله علیە وسلم، وە مورەبی رەسولیش(رب العالمین)ە بەو تەسەلسولەی.
ئیذەن رب العالمین موباشیرەتەن موهەیمینە لەسەر بینائی ئائەو جەمعەی، لۆیێش ئەوانە ئیختیار کرایە بەو نەوعیاتانە ئەوانە ئیحتیکاکیان کرد لەگەر یەثریبیین، لە فەترەکی زۆر کەم زۆر مەحدود جموعی ئەهلی ئیمان زۆربوون، وەی لێهات لە ناو یەثریب کەلیمەی موسوڵمان بوون و ئیمان هینان بووە شتەکی طەبیعی بەدیهی، تەقریبەن بەعزە نەماذیج قەطع کەین لەو حالەتانە کو ئەوانە ئیمانیان هینایە، موصعەب بن عومەیر رضي الله عنه، ماڵ بە ماڵ بە شەو حەرەکەی دەکرد لەو گەرەکەی دەچووە گەرەکیتکە، طەبعەن لەو گەرەکەی کە لۆی ئیختیار کرایە، ماڵەك هەیە دوو نەفەری تێدا موسوڵمانە، موئمینە، کە دەچووە ئەو ماڵەی دەبووە ضەیفی وان لەوێ قائیمەی دەدرایێ نەفەریتکە عەناصریتکە لەو گەرەکەی چەندیتکە هەیە، موستەعیدە بێتە ناو دائیرەی ئیمان، ئائەوەش ئەوراقی ئیعتیماداتی موهەیئاتیتی ئائەوانەی پێیە، کەفائەتی ئەوەیە و ئەوەیە و ئەوەیە.
قەدەرەن جارەك ئەوها حەرەکە دەکا، موصعب بە دزی لەگەر أسعد ابن زورارە، جەمعەك دەبینی لە موقابیل دێن نایەوێ کەس بیبینی فوجئەتەن خۆی داوێتە ناو بوستانەکی، بوستان لە زمانی عەرەبی قەدیم پێی دەگوترێ حائیط، خۆی داوێتە ناو حائیطی خزمەکی ئەسعد، قەدەرەن ئەو بوستانەش ئی زەعیمی قەبیلەیانە، کە لەوێ دادەنیشی تەمەشادەکا جەو هادیئە مەشاکیل نییە، قائیمەکەی دەردەینی بە ئەسعد دەرێ: برۆ بانگیان کە یەك یەك فولان فولان فولان، ئەوانە ئەو عەناصرانە فیعلەن دێنە کنی دادەنیشن، طەبعەن لەوێش ئەمن و ئیستخباراتی خۆیان هەیە، ئی یەهود ئی عەرەب ئەوس وخەزرەجی لەبۆ مەصالیحی قەبەلی، لە مەصالیحی ذاتی الی آخرە، خەبەر دەگاتە رەئیسی عەشیرەتیان رەئیسی عەشیرەتیان ناوی سعد بن موعاذە، کوری پلکی ئەسعەد بن زورارەیە، لەگەڵ برادەرەکی دانیشتیە ناوی ئوسەید بن حوضەیرە، پێکەوە دانیشتینە دەخۆنەوە مەشغولی حالی خۆیانن، مێوانیشیان هەیە.
یەکسەر عیون ئەمن خەبەر دەگەینتە ئوسەید بن خوضەیر، چونکی سعد بن موعاذ خزمی وییە دەرێ: حاڵ و مەسەلەکە ئەوها ئەو غربە غربەی کە ئەمە گێمان لێیە، ئەوەهاتە ناو بوستانی توش ئاگات لێنییە، خەلیە لەوێ دروست بووە ئێستا ئوسرە لەوێ تەکوین دەکرێ، ئەنگۆش ئاگاو لێنییە، یەکسەر و الله ئوسەید بن حوضەیر تورە دەبی و هەڵدەستی بچی مواجەهەی بکا، وەرە دانیشە کابرایەکی بێ سیلاحم قسان دەکەم، ئەو قسانەی ئەمن دەکەم کە لۆ وانە ئەتووش گێ بگرە عەقلت گرتی ئیتیفاقەکی لەسەر دەکەین، عەقلت نەیگرت کفیناك وما تکرە، ئەوەی ئەتوو پێت ناخۆشە مەنع

دەکەین، دەڕۆین باڵمان هەڵدەگرین و دەپێچین و دەچینە جێیەکیتکە، دەریَ: مەعقولە قسەکە، کابرا صاحێب ئیدڕاکە ئەمما موهیم ئەوەیە موصعەب بە عەقل لەگەر کابرای تەفاهوم دەکا، چونکی دەزانی ئەوە زەعیمی مەنطەقەیە، ئیدراکی هەیە ئەگەر ئیدراکی نەبایا نەیدەتانی سیاسەت و ئیدارەی ئەو هەموو جەمعەی بکا.

ئیذەن عەقل نزیکترین جسرە لەگەری بەعەقل بیگری لغاوی کا، فیعلەن ئوسەید بن حوضەیر دادەنیشی سیلاحەکەشی رمحەکەشی لە عاردی دەکوتی، هات ما عندك، گوتی بابە خودا کەون ڕۆژ ئەستێرە ئیمان عیلاقەی خوای لەگەر عارد، مەعقولە قسەکانت، ئیتکە مەجموعە ئایاتی قوڕئانی لەبۆ دەخینی، ئەمما خودا ئیشی بەوانە هەیە ئەوانە موهەیەئن، فیطڕەیان خاوێنە قەدەر ئیشی لەسەر کردینە، یەکسەر دەریَ باشە ئەوەی وەکینگۆبی چبکا باشە، گوتی ئەوە زۆر سەهلە، ئیمان دەینی و شەهادەت دەینی و تەواو دەبتە نەفەرەك لەمە، ئەوجا ئەوەی دەدرێتێ ئەوەی دەدرێتێ ئەوەی دەدرێتێ بەحسی جەننەت و بەحسی تەمکین لەسەر عارد و بەحسی ئیستیخلافی خودای لەبۆ بەشەرییەت، و لەبۆ جەمعی موئمینین دەریَ: واللە زۆر خۆشە کاکە، ئەوە ئەمنیش لەگەرەنگۆمە شەهادەت دەینی.

ئەمما دەریَ: کابرایەك لەولای دانیشتییە بەخوای بێی ویش چم پێ ناکریَ، ئیزنم بدەن بچم سەرەکی لەویش بدەم، پێم کرا لۆو دەنێرم پێم نەکرا ئەمن و ئەنگۆ ئیتیفاقەکی دەکەین، موصعەب ئەوەی تەئمین کرد، دەریَ: بڕۆ خۆی نەچوو، لۆ؟ چونکی ئائەو دووە ڕەفیقی یەکن لەیەك دەگەن، سەعد بن موعاذ لەگەر ئوسەید بن حوضەیر برادەرن پێکەوە لە جەلسەی خواردنەوەی دانیشتبوون، فیعلەن کە ئوسەید دەگاتە کنی دەریَ: واللە کابرایەکی تڕوهات لەویَ بوو ئا قسەی ڕەق و هیشك، یەکیش لە بەنی خوثەیمە لەویَ دانیشتبوو، خۆی لە مارغەی نابوو دەیویست کوڕە پلکەکەت بکوژی، زوو خۆتی بگەینێ ئائەو فەننەی لەبۆ سعد بن موعاذی دروست کرد، دەیزانی ئەگەر ئەو ئوسلوبە نەبی سەعد حەڕەکە ناکا، جەلسەکە خۆشە دەیزانی کوڕە پلکی لەوێیە، ئەو میوانەش میوانی کوڕەپلکیتی ئێ لەبەر کوڕەپلکی چی پێ بکا، دەری بکا لێرە دەری ناکا، مەجبور دەکەوتە ئەمری واقیع تەنازولی لەبۆ بکا، وەبکا ئوسەید سەعد بن موعاذ لە جێی خۆی قەلع ببی.

زوو یەکسەر گۆتی: دوژمنداریشیان هەیە، عائیلەی أسعد بن زوڕاڕە لەگەر بەنی خوثەیمە یەکسەر دوژمنەکی لەویَ دانیشتییە، ئیئتیزاری ئەوەیە فورسەت ببی خزمەکەت بکوژی، یەکسەر کە ئەوەی گێ لێ بوو کابرا مەجبور خۆی و سیلاحی هەستا، ئائەو رمحەی ئوسەید پێی بوو رمحەکەی لێ وەرگرت چووە بەرامبەری، فیعلەن لە دوور ڕا کە دیتی جەمعەك دانیشتینە هادیئن، موتەزینن دەنگە دەنگ و چونکی دانیشتنی عەرەب ئەو وەختیش هەموو فەوضا و هۆسە و هاوار و فشقیات و، ئەوانە نەوعیتکەنە وەکی لێی نزیك دەبی دەریَ: بە موصعەبی دەریَ دەزانی ئەوە غەریبە لە ناویان دەریَ:

کاکە گیان قەیدی ناکە سکوتمان کرد، ئیتیصالت بە غەیر کرد خەت مائیلت لێرە دروست کرد، ئەمما ئەدی لە ناوە خۆمان لە ناو بوستانی خۆم، لە ناو عائیلەی خۆم عەینی ئوسلوب لە گەر وی، دانیشە گێ بدە عەقلت گرتی قبولی کە عەقلت نەیگرت بەخوای یەکسەر هەگبە و باری خۆم هەڵدەگرم خواحافیز، بە عەینی ئوسلوب سەعد بن موعاذیش دەبتە موسوڵمان ئیمان دەینی هاتە ناو دائیرەی ئیمان.

ئیدی ئەو دووە قیادییە یەکسەر موصعەب هەر لە ماری وان دەمینێ، محاوەلە دەکا کە ئەوانە دەبنە وکەلائی عەشیرەتی خۆیان، یەکسەر ئەوجە هۆردووك دەچن قەبیلەی خۆیان جەمع دەکەن، بەحسی خۆیان لەبۆ قەبیلەی ئەمە چەند لە ناوەنگۆ مەقاممان هەیە، چەند ئەثەرمان هەیە چەند الی آخرە، کە ئەنگۆ قەدیمەن نابی لەقسەیمە دەرچن، ئێستاش ئەمە ئەو دووە کە زەعیمی قەبیلەنە، بووینە ئەهلی ئیمان، ئەنگۆش ئەگەر پێوخۆشە ببنە ئەهلی ئیمان بە قەبیلەی خۆیان دەرێن، ئەگەر پێو ناخۆشە ئەمە خواحافیز بەجێتان دێلین، عیلمەن یەهودیش لەوێ ڕاوەستایە موتەڕەصیدە واللە میللەت هەمووی دەبتە موسوڵمان.

دیسان موصعەب بن عومەیر تەقاریر دەنووسی، یا رسول اللە ئەوە ئینتاجمە بە تەوفیقی خوای، پێغەمبەر صلی اللە علیە و سلم بەڕقیەی جواب دەداتەوە (أحضر الی الموسم الات في الزمان و المکان المعین)، مەکان و زەمان پێغەمبەر صلی اللە علیە و سلم تەحدید دەکا، فیعلەن ئەو جەمعە هەموو ڕوو لە وەی دەکەن کە بێنە مەککە، ئیلتیقاء بکەن لەگەر پێغەمبەر صلی اللە علیە و سلم، وە لیقائەکەشیان ئیمانی بی وە لەناو وەفدی ئەوس و خەزرەجی کە سێ سەد نەفەرن، ئەو وەختیش حەج دیارە تەکالیفی هەبوو، ئەوەی پێی کرابی ئەوەی قیچەك موتەمەکین بووبی، یان ئەوەی تەشخیص کرابی لەلایەن موصعەبەوە بچتە ئەو سەفرەیەی، ئەوان دێن عەدەدیان حەفتا و سێ نەفەر بووە، ڕۆیین لەبۆ مەککە ئەو جەمعە دەگەنە مەککە، کەعب بن مالك بەحسی ئەو لەقەطاطانە دەکا، بزانن تەخطیطی ڕەببانی وە ئیدارە و تەرتیبی ئەو ئموڕانە بە دەستی رسول اللە صلی اللە علیە و سلم، وە ئەو جەمعە صەحابەیە تەحویلی ئەو هەموو تەخطیط و ئەو هەموو ئیدارەیە، لەبۆ واقیعەك دیسان وفقی ئیرادەی خوا و ئیشرافی محمد صلی اللە علیە و سلم.

لیقاء مەوجودە لە زەمان و مەکان، پێغەمبەر صلی اللە علیە و سلم قەوائیمی لەکنە کێ هاتییە، کێنە ئەوانەی هاتینە أبو بکر کە مەسئولی عیلاقاتی داخیلییە، ئەوانەی هەمووی خیندییە یەك یەك وفقی ئەوصافی موصعەب نەقلی کردییە، أبوبکر ئەوانەی هەموو تەحلیل کردییە لەبۆ پێغەمبەر صلی اللە علیە و سلم، پێغەمبەر صلی اللە علیە و سلم بە شکل یەکسەر بەناو بزانی بزانی ئەوە فلان شەخصیەیە، ئەوەندەیە عومری ئەوەندەیە مەلەکاتی، مەقامی ئەوهایە ئەوەندەشی پێدەکرێ لەبۆ

ئیمان، ئەوە هەمووی یەك یەك، نەفەری دووەم علي بن أبو طالب مەسئولی ئەمنی داخیلییە، ئی جەمعی موئمینین لە ناو مەككە، سێیەمین عباس بن عبدالمطلب مەسئولی ئەمنی خاریجییە ئی عیلاقات و وفود بە نیسبەت پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم، عەینی وەقتیش خەتمائیلی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم لە ناو زوعەمای قورەیش، مامی پێغەمبەریشە ئەو چار نەفەرە لە طەرەفی ئەهلی ئیمان.

طەرەفی موقابیل كە هاتینە موبایەعەی ئیمان دەدەنە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم، حەفتاو سێ نەفەر دوو ئافرەتیشیان لەگەرە، لە جێی مەكانی و زەمانی موعەیەن شەو پاشی سەعات دوازدەی ئیجتیماعە، هەمووش پێدەزانن، لە بەینی سێ سەد نەفەر كە نەفەر لە تەنیشت نەفەر نووستییە، خۆی كعب بن المالك دەڵێ:

سەحبمان كرد وەكی پشیلەی، هەر یەك لەبن جێی خۆی دەردەچوو، كالقططة، لەبن جێی دەردەچووین، تەماشای ریعایەی ڕەببانی بكە، حەفتا و سێ نەفەر هەربستی بە پیاو بە پیر بە ژن بە گچكە بە گەورە، نەفەرەك لەو عەوامانە لەو غەیری موئمینانە بە ئاگا نەیێ، گێی لە دەنگی پێی نەبی، غربەغربەكی گێ لێ نەبی، خەبەری نەبی یەك ئیحتیاجی بە توالێتەك نەبی لەو فەترەیەی، سێ سەد نەفەر هەمووی لە تەنیشت یەك نووستینە، هەمووی سەحب سەبر سەبر سەحب لە بۆ ئەو جێیە موعەیەنەی، جێیەكەش كێندەرێیە؟ پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ئیختیاری كردییە، مەنطەقەكی موغلەق لە بەینی سێ چار چیایە، كەس نەتانی ئیشراف بكا كەس نەتانی بێ گێ بگرتە قسەكان، ئیختیراق بكا، موسبەقەنیش پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم بە واسطەی ئیمامی عەلی، هەر لە ڕۆژەوە هەر لە بەیانییەوە ڕەقابەی لەوێ دانایە، ئیمامی عەلی لەوێ خەفەرە.

كە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم حەرەكە دەكا لە ماڵێ لەبۆ وێ أبوبكر پێش دەكەوی، تەماشای دیراسەی مەنطەقەكە بكە، دیسان عسی و لعلی چونكی شەیطان هەیە، شیطان مەوجودە وە شەیطان ئیشی خۆی دەكا، وە شەیطان عیلاقەی موباشری هەیە، خاصەتەن لەگەر ئەهلی مەككە، وە ئائەو لیقائە ضەخمە ئەو موئتەمەرە ضەخمە، حەفتاو سێ لەوێ و چار لێرە لە ناو مەككە، دەكرێ بتانی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم هەرچی عیلاقەی بە بوعدی بەشەری هەبی عەن طەریقی سوننەی بەشەری، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم هەمووی قەطع كا، لۆوەی لەو بوعدە بەشەرییەی خەلەلەك نەیێ رب العالمین پێغەمبەر و ئەو جەمعەش توشی ئیبتلاء و ئیمتحانەك بكا، لۆیێ ئەوانە هەمووی بەو تەخطیطەی بەو ئوسلوبەی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ئیتیخاذی كردییە.

كە دەچن دادەنیشن جەمع هەمووی هات حازر بوو لە عەینی سەعات هەمووی دانیشتن، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم بەخێرهاتنیان دەكا، ئیستیقبالەكی لائقیان دەكا، زەعیمەكەی دەینتە لای خۆی

طەبعەن بە شكل دەناسی، دایدەنیشێنی هەمووی دادەنیشن دوعا دەكا، رب العالمین بەرەكات و رەحەماتی خۆی لەسەر ئەو جەمعەی وە عەن طەڕیقی ملائیكە و حیمایە و ڕیعایە بكرێ، پاشان دەرێ: پاشی موقەدیمە خۆتان ئاگاتان لێیە، لۆ چ هاتینە لۆچ حازر بووینە هەمووومان، مەوضوعەكە خوایە قەضیەكە ئیمانە، وە ئەمنیش (كل ما في الامر) وەسیطم، بشزانن ئەنگۆ لەچ مستەوایەكن ئەوەی ئەنگۆ لۆی هاتینە شتەكی زۆر عەظیمە.

ئەوجە یەكسەر عباس بن عبدالمطلب مامی پێغەمبەری ئیزن لە پێغەمبەری وەردەگری، خەریطەی عامی قەضیەی لە پێش چاویان كەشف كا، یەكەمین سیاسیەن، دووەمین جوغرافییەن، سێیەمین ئیجتیماعی و ئیقتیصادی و عەسكەری، ئائەوانە هەمووی لە پێش چاویان بی، ئەنگۆ لەبۆ ئەو شتەی هاتینە ئاگاتان لێبی، یەكسەر كە دەستی بەقسەكردن كرد دەڵێ: ئاگاتان لێ بی ئا ئەو ئینسانە كە ناوی موحەمەدە قوڕەیشیە وە عەظیمە، وە زەعیمە وە زۆر ئینسانەكی مەڕغوب و مقەددەڕە لە ناو قوڕەیش، ئاگاتان لێبی كو تەعامولی لەگە دەكەن، لەو موستەوایەی دەبی تەقدیری بكەن، ئەوە ئەڕضیە دادەنێ بە بوعدی بەشەری، ئەوجە پاشان پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم، دێ بوعدی ئیمانی لەو مستەوایەی تەفاهوم لەگەڵ ئەو ئینسانەی دەكەن، وە لەمستەوای ئەو مەسئولیەتەش دەبی ئەنگۆ ببن، لەو مستەوایەی ببن نەخۆ هەر لەئێستاوە حیسابی خۆتان بكەن، چەند دەقیقەك قسان دەكا، عباس ئینسیحاب دەكا.

أبوبكر دێ موقەدیمەك تەقدیم دەكا، قەضیەكە ئاخیرەتە مەسئولییەتی ڕەبانییە، هەتا هەموو بەشەریەت مابی ئەوە تەبەعاتی هەیە، حیساب نەكەن بەس یەثریبینە ئەنگۆ ئەوە هیدایەتەكە عایدی بە (الله)ە عایدی بە هەموو مەخلوقاتە، ئەوجە پاشان ئەوانە هەموو گێیان لێ دەبی (موصعەب)یش مەوجودە، موصعەب لەسەوانە هەمووی ئیشی كردییە ئەوە هەمووی تەذكیرە موجەڕەد لەوبۆیان ئیعادەیە، ئەوجە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم، دەست دەكا دیسان بەقسە (رسول الله)م وەسیطم لە بەینینگۆ و بەینی رب العالمین، ئاخیرەت هەیە یوم الدین یوم الحساب كوفر هەیە، ئیمان هەیە جەننەت هەیە لەبۆ ئەهلی ئیمان، جەهەننەم هەیە لەبۆ كەفەڕە ئەوەش جوملە قوڕئان.

ئەوجا موصعەب وەردەگری چونكی مومەثیلی طەڕەفەینە، دەرێ: یا رسول الله ئەو جەمعە لۆوەی نەهاتیە فیعلەن ئێستا دیسان سەر لەنوێ عوڕوضی لەبۆ تەقدیم بكرێ، ئینەمما هاتیە فیعلەن لۆوەی ببتە جوندی ئیمان بە هەموو مەفهومەك، وە ئەگەر جەنابیشت دەتەوێ ئیثپات بكەی دەتانی یەك یەك ئیختیاریان بكەی، فە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ڕوو لە قیادەكەی دەكا لە زەعیمیان عەمڕو بن حەڕام زەعیمیان بوو، لەو سەفرەیەی ئی هەر سێ سەد نەفەری، ئەمما موئمین بوو لە كافرەكان نەبوو، دەرێ: بەرێ یا رسول الله ئەمە هاتینە وەكو موئمینەك كو لەگە أبوبكر تەعامول دەكەی ئەوها

لەگەرمە تەعامول کە، چی خوا ئەمری پێکردی بە موئمینین بکرێ فەرض کە لە سەرمان سێو دووی لێ مەکە، ئەمە گەیشتینە ئەو مستەوایەی ئەو ڕیعایەتە ڕەببانییە لەگەرمان بووە، جوهد لەگەرمان صەرف کرایە، ئەوجە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم فەرمووی: (تبایعوني علی السمع و الطاعة في المنشط و المکره)، قەضیە (ان لاتشرك بالله)، نەمایە ئیشیان لەسەر کرایە ئەوانە ئێستا موهەیەئن، وەکی دەرسی پێشترێ گوتمان سلف لێ بدرێ و ئیش بکەن ئەوانە، لە مەعمەل دەرچووینە مەعمەلی ئیمان.

نوقتەی دووەم: (النفقة في العسر و الیسر)، پارەدان سێیەم: (الامر بالمعروف و النهي عن المنکر) کە ئیجمالی طەرحی ئیمانیاتە، پاشان: (تقولون في الله و لا تخافون لومة لائم)، نوقتەك بەس عایدی پێغەمبەرییە: (أن تنصروني و تمنعوني کما تمنعون به أنفسکم و أزواجکم)، ئەو پێنج شەش نوقتەیە بەندە بینائی دەولەتە، صەڕاحەتەن شروحاتی وەی زۆری دەوێ، هەربەندەك هەر بەندەك فیعلەن بەندەکە لەبۆ تەئسیسی دەولە، ئەمما چ نەوعە دەولەتەك، وەکو گوتمان: دولة الإیمان، دولة الله، سەمع و طاعە لەبۆ پێغەمبەری، یەعنی هەرچی زوعەماء هەرچی قەبائیل هەرچی قیادە هەرچی عەناصر و ئینسانی موتەمەکین هەموو قیادەی لێ سەحب کرا، یەعنی عەمر لەوێ کە ئێستا مومەثیلیانە ڕەئیسی ئەو وەفدەیە، سێ سەد نەفەر هاتینە ناو مەککە، لەبۆ بە نیەتی حەج ئائەوانە جەمعی موئمنین لەمەوپاش عەمر قیادەی نەما، دەبتە نەفەرەکی عادی ئینسانەك قیادە ئەو ئینسانە وەری دەگری ئەو بەشەرە ئەو ذاتە وەری دەگری، کە فیعلەن بە واسطەی مواصەفاتی ئیمانی ئیختیار دەکرێ.

نییە لەمەو پاش زەعەمات وفقی ئەهواء وفقی طەبائیعی بەشەری قەدیم، نەفەقە عەمودی فەقەڕی هەموو ئەدیان و ئەفکار و دەعەوات پارەیە، بە پارە هەموو شتەك دەکرێ: (الم یجدك یتیما فاوی، ووجدك ضالا فهدی، و وجدك عائلا فاغنی)، لۆیێ خێزانی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ملیۆنێرە بوو، لۆوەی بتانی بە واسطەی ئەو هەموو مەلاین دینارە دەعوەی پێ تەئمین کا، کە ئێستا پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم موتەفەڕیغ بوو خێزانیشی ئەمری خوای کرد، هەرچی پارەی خەدیجە هەبوو هەمووی في سبیل الله هەمووی صەرف کرد، ئێستا پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم بانقی نییە دیسان دەفعی ئەو هەموو تەکالیفە بینائی دەولەتییە پێ بکا ئی خوای.

ئیذەن دەبی لە ذاتی موئمنین مەصادر دروست بکرێ، پاشان ئەمر بە مەعروف و نەهی عن المنکر، نوقتەی پاشی ویش: (أن تقولون في الله ولا تخافون لومة لائم)، نوقتەی یەکەم لەبۆ ناو جەمعی موئمینین، ئێستا ئەوانە حەفتا و سێ نەفەرن، لە عەدەدی حەواری عیسی زیاترن ئەوانە خۆیان بذاتی خۆیان ئوممەکن، ئەوانە خۆیان دەبی دیسان عەن طەریقی پێغەمبەری صلی الله علیه و سلم، کە چەند پێغەمبەر لەناو مەککە دەمینێ، ئایاتی ڕەببانی لەبۆی دێتە خوارێ، دەبی پێغەمبەر صلی الله

علیه و سلم عن طەڕیقی وسەطاء تەحویل کا لەبۆ وان، کە ئەوان لە یەثریبن کە تەحویلی کرد ئەوان خۆیان ئیش لەسەر خۆیان بکەن، لەبۆ ئیجادی حالەتی ئیمانی مەطلوب بە وفقی مواصەفاتی ئەو ئایاتانەی کە دێتە خوارێ، کە ئیمان بەو نەوعەی دروست بوو ئەوجە پاشان ئەو ئایاتانە ئەو ئیمانە تەحویل دەکا لەبۆ واقیع بە ئەعمالی صالیحە، (الذین امنوا و عملو الصالحات).

ئیذەن دەبی لە بەینی خۆیان: (أن یأتمروا بالمعروف)، یەك یەكەكیتكە بگری بە مەعروف، وە موحتەمەلە لە ئەثنای ئەو ئیحتیکاکە و ئەو مەصیرەی تەحویلی ئایاتی ئیمانی لەبۆ واقیع، بەعزە خەطەء دروست ببی لە حالی واقیع مونکەر دروست کا، ئەویش دەبی نەهی لێبکرێ چونکی ئەوانە جەمعی ئیمانینە، لەوانە موستەقبەلەن بینای دین دەکرێ، نەك دەولەت، ئەوجە پاشان: (وأن تقولون في الله ولا تخافون لومة لائم)، یەعنی ذاتی الله وە حقوقی رب العالمین تەقدیم بکرێتە هەموو بەشەر، بەبێ ترس بەبێ قیود، چونکی ئەنگۆ فیعلەن ئێستا ئەو جەمعە (أنكم أمة دون الامم)، ئوممەتەكن ئەنگۆ خۆتان چونکی ئەو حەفتا و سێیە، هیچ نەبی نیوەیان ماڵ و منداڵی هەیە، ئەو حەفتا و سێیە، پاشان ئەوانیتکە کەدێن هەموو یەعنی ئیمانیات لە ناو مەدینە دەبتە سیمەی عوظما، دەبتە موهەیمن موسیطر لەسەر یەثریب، فە حالەن دەبی فیعلەن ئائەو حالەتە پاشانیش یەهود لەو لای مەوجودە، کە جالیەکی ضەخمە حەفت سەد و پەنجا لە بەنی قەینوقاع، شەش سەد و پەنجا و پێنج سەد لە بەنی نەظیر و بەنی قورەیظە، ئەوانە مەوجودن خۆیان و عەوائیلیان، ئیحتیکاکاتیان لەگەر بێظەنطە و لەگەر فورس و ئەوانە جالیەی مەسیحی مەوجودە، دەبی ئەوانەش حەقیان بدرێتێ، ئەوانە موئمینین ئەو وەختی مەسئوول دەبن أمام الله لەو جەمعانە، دەبی فیعلەن حقوق الله لەبۆ وانیش کەشف بکرێ.

ئیذەن ئەو تەخەوفانەی کە وەختی خۆی یەهود دروستی کردبیە، بە بوعدی ئیجتیماعی و ئیقتیصادی و سیاسی عەسکەری و فولانی، ئێستا ئەثەری ئیمانی لەسەر نەبی ئەو تەقەوقوعەی کە وەختی خۆی فیعلەن حیصاری ئیمانی یەهود دابنابوو، بە مەفهومی ئیمانی خۆی لەسەر عەرەبی یەثریب، ئەوس و خەزرەج لەمەو پاش نابی ئەوە بمینێ، بالعکس دەبی ئێستا عەرەبی یەثریبی کە بوونە موئمینین ئەوانە جسر دروست کەن لەبۆ یەهود، وە ئەوان ئەهلی کتابن ببنە مەصدەری یەکەم لەبۆ تەلەقی ئەو ئیمانەی، لۆیێ: (و تقولون في الله و لا تخافون لومة لائم).

ئەمما نوقطەی ئەخیری: (أن تنصروني) یەکسەر ئیحساسی پێکردن کە ئەنگۆ مەسئولیەتی عەسکەریشتان لەسەر هەیە، بەشەرە سبەی دوو سبەی حالەتەك بوو بە نیسبەت ئەهلی ئیمان، وبالذات رسول الله دەبی نەصرەتی بدەن، لۆیێ هەر کوڵێن لێرەوە ناویان بووە ئەنصار (السابقین من المهاجرین و الانصار)، هەر وفقی ئەو ناوەی رب العالمین تەسمیەی لەسەر دانان، ئەو جەمعە هەموو بووە ئەنصاری، جارێ هێشتا صەحابەش نەقل نەبووە لەبۆ یەثریب، نەبوویتە مدینة الرسول

نەبوویتە دەولەت، لۆ چونکی کەلیمەی ئەنصاڕی حالەك ئیمانییە نەك ئیستیقبالی بەدەنییە، لەبۆ فیعلەن ئاوارە لە مەنطیقەك نەقل دەبی لەبۆ مەنطیقەکیتکە، ئەو مەجموعەیەی کە هیجرەتی لەبۆ دەکرێ باوەشیان بکەنەوە، ماڵیان بکەنەوە پارەیان بکەنەوە، لەبۆ جموعی هاتی، نەخێر ئەنصاری حالەتەکی ئیمانییە وەکو بەحسی موهاجیرمان کرد، هیجرەتیش حالەتەکی ئیمانییە: (امنوا و هاجروا و جاهدوا) هەمووی حالەتی ئیمانییە.

ئها بەحسی هجرەمانکرد گوتمان: هجرەت لە قورئان نەوعیاتی هەیە، (واهجرهم هجرا جميلا)، بە مەککەیی دەلێ: (اهجرهم)، (ان قومي اتخذوا هذا القران مهجورا) الى اخره، ئەوانە هەمووی لە قورئان مەوجودە، کو موهاجیری بوعدەکی ئیمانی بوو، ئەنصاڕیش لێرە بوعدەکی ئیمانییە، (أن تنصروني)، باشە ذاتي محمد صلى الله عليه و سلم، نەخێر ڕیسالەکەشی چونکی محمد صلى الله عليه و سلم رەسولە بە واسطەی ڕیسالەی، ئیذەن حالەتەك دەبی لە داخیلی ئەنصاڕی مەوجود بی، فیعلەن ئیمانییەن لەو مستەوایەی دابی، ئەو هەموانەی گۆ پاشان جەمع هەمووی هادیء فکر دەکەن، ئەوەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم طەلەب دەکا ضەخمە.

یەکسەر عەباس بن عوبادە ڕووی لە جەماعەتی خۆی کرد، هەستا پێوە گۆتی: جەماعەت ئاگاتان لێبی ئەوەی ئەمن لە پێغەمبەری تێگەیشتم شتەکی زۆر ضەخمە، شتەکی زۆر گەورە لەمە دەعوا دەکا، لەو سێ نوقتەیەی جەمع بووە یەکەمین حرب الأحمر و الاسود، یەعنی لەمەو پاش لە ئێستاوە خۆتان ئیستیعداد وەرگرن، هەرچی ڕەش پێستە و سپی پێستە ئەگەر هات لێتان طەلەب کا موحاڕەبەی بکەن دەبی موحارەبەی بکەن، لە ئێستاوە دەبی ئیعلانی حەڕب بکرێ، ئائەوەی کە ئێستا پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم طەلەب دەکا لەو مستەوایەیە، ئەنگۆ موڕاجەعەی خۆتان بکەن ئەنگۆ خۆتان لەو مستەوایەن یان نا، ئەوە یەك.

دووەمین (مفارقة العرب كافة)، هەرچی عەڕەب لە جەزیرەی عەڕەبی ئەوە طەبعەن بوعدی خاریجی بوو، بەحسی ڕوم و بەحسی فورس و بەحسی وانە بوو، (الاحمر و الاسود)، ئەمما لەناو داخیلی جەزیرەی عەڕەبی عەڕەب هەیە، ئەغلەبیان بە شکوك بەرامبەر ڕیسالەی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم ڕاوەستاینە مواجەهەیان کردییە، ئەگەر هات و قبولیان نەکرد ئیذەن دەبی لە ئێستاوە ئیعلانی حەڕبیش بکەن لەسەر عەڕەب ئا ئەوەی قبولی ئەو حالەتەی ناکا ئەوە نوقتەی دووەم.

سێیەمین چییە؟ ئیستیعدادتان هەبی لەبۆ قەتلی ئەخیار و ئەشرافتان، هەتا ئێستا ئەوس و خەزرەج ئەو چل ساڵە لەسەر حەیوان شەڕیانە، ئەمما خۆ شەڕەکەش بە جنود دەکرێ، قیادە هەر دانیشتیە لە جێی خۆی عیلاقەی پێدا نییە، بەس تەخطیطات دادەنێ وەکو حڕوبی جاهلییەتی ئێستا، ئەمما لەمەو

پاش نەء کە بووە قەضیەکە ئیمانیی، دەبی هەرچی زوعەماءو قیادەیە لەصەفی ئەمامی بی، ئیذەن لە ئێستاوە.